# Bokstart

# زمانی منداڵ لە تەمەنی ٦ مانگیەوە

**کورتەیەک لەبارەی زمانی منداڵ لە تەمەنی ٦ مانگیەوە**

- زۆر شت لەم دونیایەدا هەیە بۆ منداڵەکەت کە بیبینێتەوە. تەماشا بکە بزانە منداڵەکەت سەیری چی دەکات و ناوی شتەکەی پێ بڵێ. بەیەکەوە هەموو شتێکی سەرنجڕاکێشی بچوک و گەورە ببیننەوە.
- هەر لە ئێستاوە منداڵەکەت بە جوڵەی روخسار، دەنگ و جوڵەی تر لەگەڵتدا وتوویژ دەکات. منداڵەکەت هەر لەم تەمەنەوە دەست بە گڕوگاڵ دەکات کە لە وشەی "دا-دا" و "تا-تا" دەچێت.
- بەزویی منداڵەکەت لە هەندێک دەستەواژەی وەک "سەیر بکە" و وشەی وەکو "دایە و بابە" تێدەگات.
- منداڵەکەت زۆر حەز دەکات یاری و قسە و گۆرانی لەگەڵیدا بڵێیت، پێی خۆشە یاریی "چاوشارکێ" و ئەو یاریانەی کە پێکەوە دەست و پەنجەت دەجوڵێنتەوە و چەپڵە لێدەدەیت وەکو "*تووڕەکە پڕ سێوەکە*" و بۆ نموونە " خاڵخاڵۆکە*بچکۆلەکە*".

**لەبارەی هەموو شتێکەوە باس و قسە بکە**

قسە لەگەڵ منداڵەکەت بکە دەربارەی هەموو ئەو شتانەی کە روودەدەن و کە سەرنجی منداڵەکەت رادەکێشێن. باسی خواردن و جلوبەرگ و ئەوەی دەیبینیت بکە و ئەو شتەی کە منداڵەکەت دەیکات. بە شێوەیەکی چالاک گوێ لە منداڵەکە بگرە، ئینجا منداڵەکش زیاتر پێی خۆش دەبێت قسە بکات. کاتی پێویست بە منداڵەکە بدە!

**ئاڵوگۆڕی شتەکان بکە و دووبارەیان بکەوە**

دەنگی منداڵەکەت دووپات بکەوە، هەڵی بهێنە کە مانای چیە و نای وشەکەی پێ بڵێ.  پێش ئەوەی کە بەردەوام بیت چاوەڕێ بکە با منداڵەکە بە دەنگ یان جوڵە وڵام بداتەوە. منداڵەکە هەر لە ئێستاوە فێر دەبێت کە نۆرە بکات بۆ قسە کردن و لە پەیوەندی نێوان وشە و شت تێبگات.

**بە وشەکانی زمان یاری بکە**

گۆرانی بڵێ، هۆنراوەی قافیەدار بگێڕەوە و یاریی گۆرانی وتنەوە بە چەپڵە بکەن. پەنجەکانی دەست و قاچ بەکار بهێنە، بگرمێنە و فیکە لێبدە، و کایە بکەن. لە کتێبخانەی شارەوانیەکەتدا کتێب، گۆرانی و موزیک هەیە کە دەتوانیت قەرزی بکەیت بۆماڵەوە.

**بەیەکەوە قسە بکەن و کتێب بخوێنەوە**

کاتێک منداڵەکە بتوانێت ئاگای لە نیگای چاولێکردن و ئاماژەپێکردنی تۆ ی هەبێ کتێبی هێمادار شتێکی خۆش و سەرنجڕاکێش دەبێت بۆ منداڵەکەت. بە دەستت ئاماژە بە وێنەکان بکە و باسیان بکە. ئاگات لێبێ بزانە منداڵکەت حەزی لە چیە. لەسەرەتادا هۆگریەکەی کورتخایەنە بەڵام بەرەبەرە توانای منداڵەکەت بۆ سەرنجدان زیاتر دەبێت.

**بە زمانی دایکیت قسە بکە**

بە زمانی دایکیت، قسە بکە، گۆرانی بڵێ و شت بخوێنەوە. زۆرێک لە منداڵەکەان لە دونیادا لە ژینگەی چەند زمانیدا دەژین و پەروەردەبوون بە زیاتر لە یەک زمان تەنها سوودی هەیە و تەواو.

**گەڕان بەدوای زانیاری زیاتر**

- لەبارەی Bokstart لێرەدا زیاتر بخوێنە:   www.bokstart.se
- ئەگەر نیگەران بیت لە گەشەسەندنی زمانیی منداڵەکەت دەتوانیت رووبکەیت لە barnavårdscentralen (بنکەی چاوەدێری منداڵان). هەروەهاش دەتوانی لەگەڵ کارمەندانی پێشخوێندنگەدا لەبارەی پەرەسەندنی زمانیی منداڵەکەت باسی بکەیت.

Kulturrådet (کۆمیتەی کەلتوور) ئەرکی حکومەتی پێ راسپێردراوە بۆ پەرەپێدانی خوێندن و بۆ ئەوەی گەشەی زمانیی منداڵانی بچووک بووژێنێتەوە. Bokstart هەڵمەتێکی نیشتمانییە کە روودەکاتە دایکوباوکان و گەورەساڵانی دەوروبەری منداڵەکە.

Kurdiska syd [sorani]

# Bokstart

# زمانی منداڵ لە تەمەنی ١ ساڵیەوە

**کورتەیەک لەبارەی زمانی منداڵ لە تەمەنی ١ ساڵیەوە**

- منداڵ ئاماژە و دەنگ بەکار دەهێنێت بۆ ئەوەی شتێکت بۆ باس بکات.
- یەکەمین وشەکان بریتین لەو شتانەی کە ئێستاکە هەن و روودەدەن، وەکوو تۆپ، ورچی یاری و سەیر بکە.
- منداڵەکت وشەی زیاتر تێدەگات تا ئەو شتانەی کە دەریدەبڕێت بەڵام پێویستی بە یارمەتی تۆیە بۆ لێتێگەیشتن و لێکدانەوەیان.

**بەدواداچوونی هۆگریی منداڵەکەت بکە**

دەتوانیت هەموو شتێک کە رۆژانە دەیبینن یان ئەنجامی دەدەن بەکاربهێنیت بۆ پەرەپێدانی زمانی منداڵەکەت. ناوی ئەو شتە بهێنەوە کە منداڵکە لەکاتی ئێستادا سەرنجی دەدات. کاتێک منداڵەکە دەڵێت "ئەو" و بەدەست ئاماژە بۆ پشیلەیەک دەکات، دەتوانی وڵام بدەیتەوە: ئا، ئەوە پشیلەیە. حەزت لە پشیلەیە؟ لەبیرت نەچێت کە چاوەڕێ وڵامی منداڵەکە بکەیت.

**بەسەرنج بە و گوێبگرە**

کاتێ کە سەرنجی تەواو بە منداڵەکەت بدەیت و بە وردی گوێی لێبگریت منداڵەکەت هەست پێدەکات کە پەیامەکەی ئەو لای تۆوە گرنگە، رەنگە منداڵەکە وشەیەک بڵێ، بە دەست ئاماژە بۆ شتێک بکات یان بە شێوازێکی تر پەیامەکەی بە تۆ رابگەێنێت. لە وڵامەکانی تۆوە منداڵەکە فێر دەبێت کە بە نۆرە وتووێژ دەکرێت.

**یاری بە وشەی زمان بکە**

گۆرانی بڵێ، هەڵبەستۆکەی قافیەدار بخوێنەوە و یاریی گۆرانی وتنەوە بکەن. پەنجەکانی دەست و قاچ بەکار بهێنە، چەپڵە لێبدە، بگرمێنە، فیکە لێبدە و کایە بکەن.

**شت بدۆزەوە و باسی بکە**

باس بکە کە ورچی یاریی منداڵەکە چی دەکات یان پاسەکەی دەرەوە بۆ کوێ دەڕوات. باسی وێنەی خزم و هاوڕێ بکە. منداڵ پێویستە کە چەندین جار وشە تازەکە لە بارودۆخگەلی جۆراوجۆردا ببیستێت.

**کتێبگەلی ئاسانی وێنەدار بخوێنەوە**

ئێستا ئێتر دەتوانن کتێبی وێنەدار بخوێننەوە. لەسەرەتادا سەیری وێنەکان بکەن و بەیەکەوە بە پەنجە دەستی بۆ رابکێشن. لەسەرەتادا ئاسانترە ئەگەر خۆت باسی بکەیت بەڵام کەمکەم منداڵەکەت دەتوانێت گوێ لە تێکستی کتێبەکە بگرێت. لە کتێبخانەی شارەوانیەکەتدا رێنوێنی لەبارەی کتێب قەرزکردن بۆ ئەم تەمەنە پێشکەش دەکریت.

**بە زمانی دایکیت قسە بکە**

بە زمانی دایکیت، قسە بکە، گۆرانی بڵێ و شت بخوێنەوە. زۆرێک لە منداڵەکەان لە دونیادا لە ژینگەی چەند زمانیدا دەژین و پەروەردەبوون بە زیاتر لە یەک زمان تەنها سوودی هەیە و تەواو.

**گەڕان بەدوای زانیاری زیاتر**

- لەبارەی Bokstart لێرەدا زیاتر بخوێنە: www.bokstart.se
- ئەگەر نیگەران بیت لە گەشەسەندنی زمانیی منداڵەکەت دەتوانیت رووبکەیت لە barnavårdscentralen (بنکەی چاوەدێری منداڵان). هەروەهاش دەتوانی لەگەڵ کارمەندانی پێشخوێندنگەدا لەبارەی پەرەسەندنی زمانیی منداڵەکەت باس بکەیت.

Kulturrådet (کۆمیتەی کەلتوور) ئەرکی حکومەتی پێ راسپێردراوە بۆ پەرەپێدانی خوێندن و بۆ ئەوەی گەشەی زمانیی منداڵانی بچووک بووژێنێتەوە. Bokstart هەڵمەتێکی نیشتمانییە کە روودەکاتە دایکوباوکان و گەورەساڵانی دەوروبەری منداڵەکە.

# Bokstart

# زمانی منداڵ لە تەمەنی ١٨ مانگیەوە

**کورتەیەک لەبارەی زمانی منداڵ لە تەمەنی ١٨ مانگیەوە**

- زۆربەی منداڵەکان لەم تەمەنەدا نزیکەی ٢٠٠ وشەی رۆژانە تێدەگەن.
- منداڵەکە خۆیشی هەندێک وشە بەکار دەهێنێ، بەڵام وشەکان رەنگە لە بوارێک بۆ بوارێکی ترەوە ماناکەیان جیاواز بن.
- هەندێ منداڵ لەم تەمەنەدا وشە پێکەوە دەلکێنێت، بۆ نموونە "دایکە ئۆتۆمبیل" یان "حەوحەو لەوێ".

**بەیەکەوە زۆر قسە بکەن**

بۆ منداڵەکە باس بکە کە لە بارودۆخگەلی جۆراوجۆری رۆژانەدا خەریکی چین. باسی بکە بۆ منداڵەکە کە چی روودەدات و ناوی وشەی ئەو شتە کە پێکەوە دەیکەن پێی بڵێ. بەوردی گوێ بگرە بزانە منداڵەکە چی دەوێت یان بیر لە چی دەکاتەوە. کاتی زۆر بە منداڵەکەت بدە.

**ئەوەی منداڵەکە دەیڵێت پشتڕاستی بکەوەوە و پەرەی پێبدە**

کاتێک تۆ وشەکانی منداڵەکە بەکار دەهێنیت و وشەی نوێی دەخەیتە سەری، یارمەتی منداڵەکە دەدەیت کە پەرە بە زمانەکەی بدات. ئەگەر بۆ نموونە منداڵەکە بڵێت "نەمنەم"، تۆ ئەتوانیت بڵێیت: بەڵێ، ئەوە خواردنە و ئێستا خواردن دەخۆین. یاخود ئەگەر منداڵەکەت بڵێت "پش" لەجیاتی پشیلە شتێکی زۆر ئاسایە لەم تەمەندا. وشەکەی بۆ ڕاست مەکەرەوە بەڵکو خۆت وشەی پشیلە بەکار بهێنە، بۆ ئەوەی منداڵەکەت گوێی لێبیت کە دەنگی وشەکە چۆنە.

**هەوڵ بدە کە شتەکان بە دونیای منداڵەکە خۆیەوە گرێ بدە**

فێربوونی شتی نوێ ئاسانترە ئەگەر گرێی بدەیت بە شتێکەوە کە منداڵەکەت پێشتر دەیزانێت. ئەگەر وێنەیەکی پانتۆڵتان بینی ئاماژە بە پانتۆڵی بەری منداڵەکەت بکە و پێی بڵی: تۆش پانتۆڵت لە پێیە بە هەمان شێوەی منداڵی ناو کتێبەکە.

**بەیەکەوە قسە بکەن و کتێبەکە بخوێنەوە**

منداڵەکەت ئێستا زۆر دڵی خۆش دەبێت بە کتێبگەلی جۆراوجۆر کە بەیەکەوە باسی بکەن. پرسیارگەلی کراوە لە منداڵکە بکە لەبارەی ئەو شتانەی لەناو کتێبەکەدا روودەدەن و گرێیان بدەوە بە ئەزموونی منداڵەکە: پێت وابێ کە چی...؟ ئایا لەبیرتە کە...؟

**بە زمانی دایکیت قسە بکە**

بە زمانی دایکیت، قسە بکە، گۆرانی بڵێ و شت بخوێنەوە. زۆرێک لە منداڵەکەان لە دونیادا لە ژینگەی چەند زمانیدا دەژین و پەروەردەبوون بە زیاتر لە یەک زمان تەنها سوودی هەیە و تەواو.

**گەڕان بەدوای زانیاری زیاتر**

- لەبارەی Bokstart لێرەدا زیاتر بخوێنە: www.bokstart.se
- ئەگەر نیگەران بیت لە گەشەسەندنی زمانیی منداڵەکەت دەتوانیت رووبکەیت لە barnavårdscentralen (بنکەی چاوەدێری منداڵان). هەروەهاش دەتوانی لەگەڵ کارمەندانی پێشخوێندنگەدا لەبارەی پەرەسەندنی زمانیی منداڵەکەت باس بکەیت.

Kulturrådet (کۆمیتەی کەلتوور) ئەرکی حکومەتی پێ راسپێردراوە بۆ پەرەپێدانی خوێندن و بۆ ئەوەی گەشەی زمانیی منداڵانی بچووک بووژێنێتەوە. Bokstart هەڵمەتێکی نیشتمانییە کە روودەکاتە دایکوباوکان و گەورەساڵانی دەوروبەری منداڵەکە.

Kurdiska syd (sorani)

# Bokstart

# زمانی منداڵ لە تەمەنی ٣ ساڵیەوە

### کورتەیەک دەربارەی زمانی منداڵ لە دوای ٣ ساڵیەوە

- زۆربەی منداڵەکان لەم تەمەنەدا نزیکەی چەند سەد وشەیەک تێدەگەن. هەروەها توانای پێکەوەلکانی وشەکان و دروستکردنی ڕستەیان هەیە و دەتوانن ئاخاوتنی کورت بکەن.
- منداڵ پرسیاری زۆر دەکات و دەزانێت کە چۆن وشەکان بەکار بهێنێت و یارییان پێ بکات.
- بۆ نموونە منداڵەکەت بەسەرهاتەکانی ڕۆژانەی باس بکات و حەز دەکات کە گوێبگریت کاتێک بۆ تۆ دەیگێڕتەوە.

### دۆزینەوەی پیت و وشەکان

لە تەمەنی داینگەوە زۆربەی منداڵ مەراقی فێربوونی پیت و وشەی تازەن. کاتێت کە هەست دەکەیت منداڵەکەت هۆگری بە شتێک نیشان دەدات دەتوانیت بە پەنجە ئاماژە بۆ تابلۆ یان هەر شتێک لەسەر کارتۆنی شتومەک نووسراوە، بکەیت. گرنگە پێکەوە هەوڵی دۆزینەوەی هێما و سیمبۆلەکانی دەوروبەر بدەن و باسی بکەن کە مانایان چیە.

### ڕوونکردنەوەی وشەی تازە

هەوڵ بدە وشەی تازە بەکاربهێنە بۆ ئەو ڕووداوەنەی یاخود ئەو کارانەی کە ڕۆژانە دەیبینن و دەیکەن لەگەڵ منداڵەکەتدا. ئەو وشانە ڕوون بکەرەوە کە منداڵەکەت لێی تێناگات: وەکو دەریا جۆرێکە لە دەریاچە، بەڵام بە قەبارەیەکی گەورەتر. یاخود: کاتێ کە دەچینە قەراغی ئاو، مەلەوانی دەکەین لە ناو دەریادا.

### وتووێژ بکە

لەگەڵ منداڵەکەت گفتوگۆ بکە کە لەماوەی ڕۆژەکەیدا چی ڕوو داوە. شتێک کە بیستبێتت یان بینیبێتت کە منداڵکەت لە دایەنگەدا کردویە، بەدواداچوونی بکە. هانی بدە کە زیاتر باسی ئەو شتە بکات.

زۆربەی منداڵی ٣ ساڵە ناتوانن بە دروستی گۆیی هەموو وشەکان وەکو ئێمەی گەورە بکەن. کاتێک تۆ گوێت لە وشەیەک دەبێت و هەست دەکەیت بە هەڵە دەیڵێتەوە، ئەوە پێویستە بە شێوە دروستەکەی بۆی دووبارە بکەیتەوە بۆ ئەوەی وردە وردە فێربێت کە بە دروستی وشەکە گۆ بکات.

### پێکەوە کتێب بخۆێنەوە

بیکە بە خوو کە ڕۆژانە بۆ ماوەیەکی کورت لەگەڵ منداڵەکەت بخوێنیتەوە. زۆربەی منداڵان کتێبێکی تایبەتیان هەیە کە حەزیان لێیە چەندین جار بۆیان بخوێنرێتەوە. کتێبە وێنەدارەکان زۆر جارە پڕە لە باسی ئاڵۆز بەڵام لەگەڵ ئەوشدا دەبێت بە شێوازی قسەکردن بۆی بخوێنیتەوە.

هاندەربە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ منداڵەکە دەربارەی ناوەڕۆکی کتێبەکە کە باسی چی دەکات. هەروەها هانی منداڵەکەت بدە لە کاتی خوێندنەوەکەدا پرسیار بکات. کاتێک منداڵ پرسیار دەکات گوێڕایەڵ بە و پێکەوە بیر لە پرسیارەکە بکەنەوە.

لە بیرت نەچێت کە یاری کردن، گۆرانی وتن، وتووێژ کردن لەگەڵ منداڵەکەت گرنگە. منداڵەکە لەم تەمەنەشدا هێشتا هەر کەیفی بە هەڵبەستی قافیەدار، هۆنراوە و گۆرانی وتنەوە، هەیە. خوێندنەوە باشترین ڕێگایە بۆ فێربوونی وشەی نوێ!

### بە زمانی دایکیت قسە بکە

بە زمانی دایکیت، قسە بکە، گۆرانی بڵێ و شت بخوێنەوە. زۆرێک لە منداڵەکەان لە دونیادا لە ژینگەی چەند زمانیدا دەژین و پەروەردەبوون بە زیاتر لە یەک زمان تەنها سوودی هەیە و تەواو.

### گەڕان بەدوای زانیاری زیاتر

- لەبارەی Bokstart لێرەدا زیاتر بخوێنە:   www.bokstart.se
- ئەگەر نیگەران بیت لە گەشەسەندنی زمانیی منداڵەکەت دەتوانیت رووبکەیت لە barnavårdscentralen (بنکەی چاوەدێری منداڵان). هەروەهاش دەتوانی لەگەڵ کارمەندانی پێشخوێندنگەدا لەبارەی پەرەسەندنی زمانیی منداڵەکەت باس بکەیت.

Kulturrådet (کۆمیتەی کەلتوور) ئەرکی حکومەتی پێ راسپێردراوە بۆ پەرەپێدانی خوێندن و بۆ ئەوەی گەشەی زمانیی منداڵانی بچووک بووژێنێتەوە. Bokstart هەڵمەتێکی نیشتمانییە کە رووددەکاتە دایکوباوکان و گەورەساڵانی دەوروبەری منداڵەکە.